# بەشێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی سازمانی خەبات

عەلی بەهرامی

لە کوردستانی ئێراندا چەند سازمان و حیزب هەن کە بە هەڵوێست و بۆچوونی جیاجیا بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی خەبات دەکەن. سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران یەکێک لەو هێزانەیە کە لە مێژووی خەباتی ٢٧ساڵی ڕابردوو چالاکانە لە مەیدان دا ماوەتەوە و بە پێی هەل و مەرج، ئاڵوگۆڕی بەسەر ئامانج و ئایدۆلۆژی دا هێناوە. نام هەوێ باس لە ڕابروو بکەم کە سازمانی خەبات چ ئامانجێکی بووە. دەمەوێ باس لەسەر ئامانجەکانی سازمان بکەم کە لە کۆنگرەی سێهەمدا پەسەند کران.

١ـــ ئامانجە گشتیەکانی سازمانی خەبات:

سازمانی خەبات، تێ دەکۆشێ بۆ وەدی هێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو و دیموکراتیک و پارلمانی لە ئێراند کە مافی هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەب و ڕەگەزەکان بپارێزێ. سازمانی خەبات باوەڕی وایە کە کورد بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی لە چوار چێوەی ئێران دا خەبات دەکات. هاوکات لەگەڵ تێکۆشان بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافانە بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێرانیش کار دەکات، تا دیموکراسی لە ئێران نەچەسپێ و کاری پێ نەکرێ نەکورد و نەهیچ نەتەوە و ئایینێك بە مافەکانی خۆیان ناگەن. سازمانی خەبات سیستمی فیدراڵی بۆ کوردستان بەباش دەزانێ و موخالەفەتێکی لەگەڵ ئەو شێوە سیستمە دا نیە بەڵام فیدراڵی بۆ ئێران، پێویستی بە رفراندۆمێکی سەرانسەری لە چوار چێوەی ئێران هەیە و ڕەزامەندی تێکڕای نەتەوەکانی تورك، فارس، عەرەب، بلوچ، تورکمەنی دەوێ، و ئەو هەل و مەرجە لە ئێران دا کاتێك دەڕەخسێ کە دیمکراسی جێگیر بێ و خەڵك ئازاد بن لە دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانیاندا. لە ئێستادا سازمان دەستە بەرکرانی مافی خودموختاری لە چوار چێوەی ئێرانێکی دیمکراتیك و ئازاد دا بەباش دەزانێ. سازمانی خەبات پێی وایە ئیسلام وەك یەکێك لەسەر چاوەکانی قانوون دانان کەڵکی لێ وەربگیرێ هەروەك چۆن لە فکرەکانی دیکە بۆ داڕشتنی قانوونی ئەساسی و دەستور کەڵك وەربگرێ، لەهەمان کاتدا بۆ ڕیشەکێش کردنی بیری توند دەبێ هەوڵ بدرێ، بەشێوەی زانستیانە بەرخورد بکرێ. لەپەیڕەو پرۆگرامی سازمانی خەباتدا هاتووە، ناوەندە ئیسلامیەکان و مزگەوت و فێرگە ئیسلامیەکان، دەبێ بە شێوەی پێشکەوتوانە و سەردەمیانە بۆ پێشکەووتنی خەڵك و وەڵات تێ بکۆشێ لەگەڵ ڕێزی زۆر بۆ مامۆستایان خوێندکاران کەم و کوڕیەکان و کۆسپەکانی سەر ڕێگەیان هەڵ گیرێ. سازمانی خەبات باوەڕی بە هاوکاری و تەبایی لە نێوان هێزە کوردستانیەکان دابە ئەرکی سەرەکی ی خەبات دەزانێ و هەر لەو پێوەندەشدا، ئامادەیە بۆ پێك هێنانی هەرشێوە هاوکاریو تەباییێك کە دەبێتە هۆی ڕووخانی ڕژیمی ئێران و دەستەبەرکرانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ئێران دا. کۆنگرەی سێهەم کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی ڕاسپارد لەو پێناوەدا هەنگاو هەڵ گرێ. لە هەمان کاتدا باوەڕی وایە بەرەی هێزە کوردستانیەکان دەبێ هەوڵ بدا بۆ هاوکاری و نزیك بوونەوە لەگەڵ هێزە سەرانسەریە شۆڕشگێڕە ئێرانیەکان بۆ ئەوەی لە دوای ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی بە هاوکاری هەمەلایەنەی (هێزە کوردستانیەکان و هێزە سەرتاسەریەکان) لە ئێرانێکی پێشکەوتوو دامەزراودا زانست وسەنعەت لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی دیموکراتیکدا بەرەو پێش بچێ و ئەو نزیکی و تەباییەش ببێتە زامنێك بۆ کۆتایی هاتنی شەڕو بۆ و دابین کردنی یەکسانی و گەیشتنی نەتەوە و ئایین و مەزهەب و چینەکان بە مافی ڕەوای خۆیان.

سەبارەت بە خەباتی گەلانی دیکەی ئێران، سازمانی خەبات پشتیوانی دەکا لە خەباتی نەتەوە جیاجیاکانی ئێران بۆ گەیشتن بە مافەکانیان لە ئێرانێکی ئازاد و دیمکراتیك و بە بێ دەست تێوەردانی دەرەکی.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پشتیوانی جیهانی و ناوەندەکانی مافی و ڕێکخراوە بەشەر دۆستەکان لە ماف و ئازادیەکان بۆ خەڵکی کوردستان بە کارێکی بەکەڵك و شیاو دەزانێ و لەو پێوەندەش دا ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ تێکڕای ڕێکخراو ناوەندە جیهانیەکان بکا. سازمانی خەبات ڕەگەز پەرەستی، و جیاوازیی ڕەگەزایەتی و ئایینی و مەزهەبی، مەحکوم دەکاو بەدوور لە دەستوراتی ئیسلام و قانوون و بیروڕا پەسەندەکانی جیهانی دەزانێ.

سازمانی خەبات یەکێك لە ئەرکە گرینگەکانی، هاوکاری و پشتیوانی لە ئافرەتانە بۆ ڕزگار بوونیان لەدەست ستەم و چەوسانەوە و باوەڕی وایە دەبێ ئافرەتان بە گەرمی لە هەوڵی گەیشتنیان بە ئازادی و مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوادا بن و زانست و خوێندن و گەشەسەندن بکەنە بەردی بناغەی کارو ژیانیان. ئاشکرایە ئافرەتان لە ئێران و کوردستان بە بەردەوامی دەچەوسێنەوە بە تایبەت لە ماوەی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا، ئافرەت وەك کاڵایێك چاوی لێ دەکرێ و ڕێزی بۆ داناندرێ و بێ ڕەحمیان لە بەرانبەردا دەکرێ.

سازمانی خەبات پاراستنی ژینگەی کوردستان بە گشت لق و بەشەکانیەوە بە گرینگ دەزانێ و پێی وایە دەبێ حکومەتی کوردستان لەبەر چاویان بگرێ هەوڵ بدات بە ووشیارکردنەوەی خەڵك و تەرخان کردنی بودجەییك ژینگەی ساڵم لە کوستاندا وەدی بێ. باوەڕ بە ئازادی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و پشتیوانیی سەندیکاو دامەزراوە مەدەنیەکان لە ئامانجە ڕیشەییەکانی سازمانی خەباتە. سازمانی خەبات لە پێوەند بە لەبەر چاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ دژی شکەنجەو هەرنەوعە ئازاردانێکی مرۆڤە. وەك ئاشکرایە گەلی کورد بە ناچاری ڕێگەی خەباتی چەکدارانەی گرتۆتە بەر، چونکە ڕژیمی ویلایەتی فەقیە لە بەرانبەر داوا ڕەواکانی گەلی کوردا، زمانی شەڕو سەرکوتی خستۆتەکار و گەلی کوردی ناچار کردووە بۆ دیفاع لە خۆی دەست بداتە خەبات و تێکۆشان، هەربۆیە سازمانی خەبات باوەڕی وایەدەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە، دەسەڵاتێکی نامشروعەو پێی وایە وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتی ئاخوندی بۆ جوڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد کەڵکی نیە، هەربۆیە وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتداری ویلایەتی فەقیە ڕەتدەکاتەوە و لەگەڵ خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی، خەباتی چەکداری بە پاڵپشتی جوڵانەوەی گەلەکەمان دەزانێ. لە پێوەند بە سنوورەکانی کوردستان، سنوور و ناوچەکانی کوردستان بە پێی بەڵگە مێژووییەکان دەبێ دیاری بکرێ و هەر شارو ناوچەییێك پرس و کێشەی خاوەنداری لەسەرە، دەبێ بەڕاپرسی گشتی لە جەماوەری ئەو شارو ناوچەیە چارەنووسی دیاری بکرێ کە سەربە کوردستانە یان نا.

# ئەحمەدی نەژاد قسە لە دیموکراسی و ئینسان دۆستی و ڕاستگۆیی دەکا




سەفەری ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری ڕژیمی ئاخوندی بۆ نیۆیۆرك یەکێك بوو لە گەرمترین هەواڵی هەواڵدەریە جیهانیەکان،ئەویش نەك لەبەر ئەوەی ئەحمەدی نژاد کەسیایەتییێکی خۆشەویستە بەڵکولەبەر قسە سەیرو سەمەرەکان و هەڵویستە دزێوەکانیەتی کە تامەزرۆیی هەواڵدەریەکان بە هەواڵ و ڕاپۆرت لەسەر ئەحمەدی نژاد زیاتر بوە کە لە ڕۆژی ٢٤ سپتامبر) لە کۆبونەوەییکی دانشگای کۆلۆمبیا لە شاری نیویورك بەشداری کردو بەناوبیرو بۆچونەکانی خۆی بۆ ئامادەبوان باس کرد کە بەتوندی لە لایەن دانشجوەکان و رەئیسی دانشگای کۆلۆمبیا، کەوتەبەر ڕەخنەو گاڵتەپێکردن. یەکێك لە ڕوداوی سەیرو بەرچاو لە سەفەری ئەحمەدی نەژاد بۆ نیویورك بەشداری کردنی لە کۆبونەوەی دانشگای کۆلۆمبیاو ئەو قسەتوندانەی (لی بالیجر) سەرۆکی دانشگای کۆلۆمبیا بەرانبەر ئەحمەدی نەژاد کردی . سەرۆکی دانشگای ناوبراوئەحمەدی نژادی بەدیکتاتۆرێکی کەم و دڵ ڕەق و بچوك ناوهێناو هەروەها ڕەتکردنەوەی روداوی کوژرانی یەهودیەکان لە (هولوکاست) لە لایەن ئەحمەدی نەژادووە، هەروەها پێ شێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران چەند دیاردەی دزێوی دیکە کە دەسەڵاتی ئاخوندی پەیرەوی دەکا لە سەرەتای ناساندنی سەرۆك کۆماری ڕژیم دا باسی کرد. شك لەوە دانیە کە ووتەکانی سەرۆکی دانشگای کۆلۆمبیا لە بەرانبەر ئەحمەدی نەژاد راستییکی حاشا هەڵ نەگرن و ئەگەرچی سەرۆك کۆماری ڕژیم هەوڵی دا بەتاوانبارکردنی ئەمریکاو چەند پاساو هێنانەوەییکی بێ ناوەڕۆك وەڵامێك بە هێرشەکانی ئامادەبوان بداتەوە کە هیچ کام لە وەڵامەکان جێگەیان نەگرت بەڵکو بوونە هۆی زیاتر سەلماندنی قسەکانی سەرۆکی دانشگا.

ئەحمەدی نژاد بەخەیاڵی خۆی ویستی لە دانشگاییکی خاوەن ئیعتباری وەك دانشگای کۆلۆمبیا ئیعتباری چاوی ڕژیمەکەی لە لای جەماوەری ئەمریکاو چینی خوێندەواری ئەو وڵاتە وەدەست بێنێتەوەو لە هەمان کاتدا بتوانی بەقسەکانی موخالفەتی زیاتر لە دژی دەوڵەتی جۆرج بوش پەیدا بکاو ئەو سیاسەتە دواکەوتوانەی بە سیاسەتی ڕاست و سەردەمیانە بەئەمریکاییەکان بناسێنێ، بەڵام بە پێچەوانەی مە بەستەکانی ئەحمەدی نەژاد رژیمی ئاخوندی لە ئەمریکاداو تەنانەت لەزۆربەی جیهاندا زیاتر لە هەرکاتێکی دیکە سیاسەتە سەرکوتگەرەیەکانی و هەڵوێستە مەترسیدارەکانی بۆ ئارامی ناوچەکەو جیهان زیاتر دەرکەوت. خۆ ئەگەر کەسانێك گومانیان لە دڕندەیی و دیکتاتۆر بوونی دەسەڵاتی ئاخوندەکان لە ئێراندا هەبوو، بەخۆشیەوە ئەحمەدی نژاد، هەموو ڕاستیەکانی بەددان پێدانانی خۆی ئاشکراتر کرد. ئامادەبوونی ئەحمەدی نژاد لە دانشگای کۆلۆمبیاو ئەو قسە بێ بناخانەی لەمەڕ سیاسەتی جیهانی و دیفاع لە هەڵوێستەکانی ڕژیم، ئەو ڕایەی لەلای خەڵکی ئەمریکا بەهێز کرد کە دەوڵەتی جۆرج بووش لە خۆڕانیە ڕژیمی ئێرانی بە محوەری شەڕو بەسەرچاوەی ترۆری جیهانی و سەرچاوەی فیتنەگێڕی و ئاژاوە دەزانێ. بێ گومان هەڵوێست و قسەکانی ئەحمەدی نژاد، دەبێتە هۆی بەرەوسەرچوونی ڕەزایەتی خەڵکی ئەمریکا لە سیاسەتی خارجی دەوڵەتەکەیان وسیاسەت و هەڵوێست و ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرانبەر ترۆریستی جهانی و دەسەڵاتە یاغیەکانی وەك دەسەڵاتی ڕژیمی ئاخوندی. چەند مەوزوعی دیکەی جێ سەرنج کە ئەحمەدی نژاد لە کۆبونەوەی دانشگای کۆلۆمبیا قسەی لێ کرد، خۆشەویستی و ئازادی و دیموکراسی و ئازادی بۆ ئافرەتان لە ئێراندا بوو، ئەحمەدی نژاد قسەی لە ڕاستی و ڕاست گوتن کرد. ئەحمەدی نژاد لەوگشتە بەباڵا هەڵگوتنەی دەسەڵاتەکەی لە ڕاستیدا، ڕەنگە پێی وابێ خەڵکی جیهان و ئەوکەسانەی لە دانشگای کۆلۆمبیا گوێ یان لە قسەکانی گرتوە چاویان نیەو گوێ یان کەڕە کە هەواڵی ئەو گشتە ئازارو ستەمەی لە ئێراندا بەرانبەر دانەدانەی هاووەڵاتیانی ئێران دەکرێ ببینن و ببیستن؟ کوشتنی خەڵکی بێ تاوان و داخستنی ڕۆژنامەکان و گرتنی ڕۆژنامە نووسان و هێرش بۆسەر لاوان و سەرکوتی ئافرەتان وەك ئەحمەدی نژاد دەڵێ دەبێ بەشێك بن لە دیموکراسی و ئازادی. سەرکوتی کەمایەتیە مەزهەبیەکان ودینەکانی، وەك موسڵمانانی سوننی و یەهودیەکان و مەسیحیەکان، ئەهلی حەقەکان دەبێ لە قاموسی دەسەڵاتی ئاخوندیدا، بەشێك بن لەتەساموح و پێکەوە حەوانەوەی دینەکان، سەرکوتی کەمایەتیە نەتەوەییەکان و هێرش بۆسەر خەڵکی کوردستان و کوشتنی بەردەوامی هاونیشتمانانی کوردستان دەبێ بە بەراوردو بۆ چونەکانی ڕژیم، بەشێك بن لە ئازادیەکان کە ئەحمەدی نژاد، باسیان لێ دەکا. بێ حورمەتی بە لاوان لە خیابانەکانداو بێ کاری و گرانی و پەرەپێ دانی فەسادو ئیعتیادو دەیان دیاردەی مەترسیدارو دزیوی دیکە لە ئێراندا، دەبێ بەشێك بن لە سیاسەتی دەوڵەتی خزمەتگوزارو پشتیوانی ( موستەزعەف) بێ گومان نابێ ئەحمەدی نژاد و دەسەڵاتدارانی قسە لە ڕاستی و ڕاست گوتن بکەن، چونکە، لەماوەی ٢٨ ساڵ دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا، خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی شاهیدی درۆ و تەقەلوبی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕژیمە بوون، مەگەر ئاخوندەکان هەژدەساڵی تەواو، گەلالە ناوکەییەکانیان بە دزی و لەژێرپەردەی درۆ درێژە پێ نەدا؟ مەگەر تائیستاش لەگەڵ خەڵکی وەڵاتەکەیان و کۆمەڵگەی جیهانی لەسەر بەرنامە ئەتۆمیەکانیان درۆ ناکەن و هەوڵ نادەن بەدرۆکردن کۆمەڵگەی جیهانی بەسەر بگێڕن و سەرئەنجام بۆمبی ئەتۆمی وەدەست بێنن؟ بێ گومان ئەگەر کێبەرکێ و موسابقە لە درۆزنی و فرت و فێڵ و جینایەتکاری و ئاژاوەگێڕی و خەیانەت کاری و دزینی سەرمایەی خەڵك لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە هەبوایە، ڕژیمی ئاخوندی و دەسەڵاتدارانی سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا و جامی ڕوو ڕەشی و جینایەتکاریان دەبردەوە. دیموکراسی و مرۆڤ دۆستی و ڕاستگۆیی، ووشەو پیتی جوانن، کە دیکتاتۆرەکانیش بۆ بازاڕ گەرمی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرن.

ئاخر دیموکراسی و ئەحمەدی نژاد مرۆڤ دۆستی و ئەحمەدی نژاد، ڕاستگۆیی و ئەحمەدی نژاد، ئەوانە لەگەڵ ئەحمەدی نژاد وەك جن و بسماللە، وان و لەگەڵ گوتنی دیموکراسی، کەسانی وەك ئەحمەدی نژادە ئەگەر حەیایان هەبێ دەبێ لەبەرچاوان وون بن.